لە گفتوگۆیەکی تایبەتیدا بۆ (زەنگ)

مەهاباد قەرەداغی: من لە کتێبی شەرەفنامەدا ویستوومە و بەردەوامیش دەمەوێ پێناسەیەکی نوێ بدەمە جەستە و پێناسەیەکی دروست بدەمە شەرەف.

گفتوگۆی
خالید عەبدولکەریم حەمەلاو

ئەولێکدانەوەو تێرامانانەی کە بەردەوام پێویستە مرۆڤ هەیان بێت یارمەتیدەرێکی باشن بۆتێگەیشتنی لە کێشە ئێستاییەکانی ژیانمان، بۆیە ژیانێك پێویست دەکات ململانێی لە گەڵدا بکەین بۆ مەبەستی تێگەیشتن بێت نەوەك تەنها وتنەوەی ڕەمزەکان بۆ واقیع، بۆیە وتەی مرۆڤی مەزن (سوکرات): ژیانێك لێی تینەگەین نایهێنێت بیبەینە سەر. بەردەوام وامان لێدەکات ئێمە گومان بکەین، لە دەوروبەر، لەکەلتوور، لە مێژوو.....هتد لەم پێناوەدا گەورە نوسەران لە پێش مرۆڤەئاساییەکان دا ئەوکارانەیان کردوە، بۆیە ئە مجارەیان نوسەرو ڕوناکبیری گەلەکەمان (مەهاباد قەرەداغی) دەدوێنین.

زەنگ: سەرەتا سوپاست دەکەین کە دەرفەتت بۆ ڕەخساندین ئەم چاوپێکەوتنە ئامادە بکەین، لێرەوە من دەمەوێت ڕاستەوخۆ بچینە نێو باسەکەمانەوە لە خاڵێکەوە دەست پێبکەین، مرۆڤایەتی مێژوویەکە دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکات و وەکو کێشەیەك ململانێی لەگەڵدا دەکات (شەرەف) چۆن بووە بەشێك لەجەستەی ژن؟

مەهاباد: کاتێ کە پێویست بێت لە چەوساندنەوە بگەین، پێویستە بۆ سەرچاوەکەی بگەڕێین و مێژووی چەوساندنەوەی مرۆڤیش پەیوەستە بە بەرژەوەندی و هاوکێشە ئابوورییەکانەوە. سەرەتای مێژووی چەوساندنەوەی ژن دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی ئابووری و دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگە و خێزان. دابەشکردنی کارو نرخ دانان لەسەر کار و بەهی خۆکردنی ئامرازەکانی کار ململانێی خستە نێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەوە. ژن و پیاو و دابەشکردنی کار لە نێوانیاندا، سەرەتای ململانێی نێوان ئەم دوو توخمەی لە مێژوودا دروست کرد. بۆ ئەوەی کارە بایەخدارەکان کە دەستکەوت و دەرامەتیان تێدابوو لە ژن وەربگیرێنەوە، تێڕوانینێکی بیۆلۆژیانە بۆ جەستە دروست بوو. جەستەی ژن بەهۆی ئەوەی منداڵدانی تێدا بوو، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە منداڵدان سەرچاوەیەکە بۆ ژیان، لە بایەخی کەمکرایەوە و وەك جەستەیەکی نەخۆش تەماشا دەکرا و، ئەو تیۆرییە هێنرایە کایەوە کە گوایە سروشت غەدری لە ژن کردووە و ئەو سروشتە وای کردووە جەستەی ژن ناتەواو بێت و بەهۆی زەیستانی و دۆخی منداڵبوون و دۆخی مەهەکی مانگانەی ژنانەوە، هێدی هێدی پێناسەی ناتەواو و نەخۆشی درایە. ئەم ململانێیەی کە سەرچاوەکەی ئابوورییە و دابەشکردنی کار و داهات دروستی کرد، تا دەهات قوڵتر دەبووە، تا هێدی هێدی لە جەستەیەکی ناتەواوەوە کرا بە کوتاڵێکی تایبەت بە کەسانی تر و پەیوەست بە کەسانی تر. تیۆری نێو کتێبە پیرۆزەکان سەبارەت بە جەستەی ژن و کەسایەتی ژن هێندەی دی بایەخی جەستەی ژنی دادەشکاند و، دەبینین لە تەورات و لە ئینجیلدا چلۆن ئەم جەستەیە بە تایبەت بەهۆی منداڵدانەوە وەك پیس ناودەبرا و سەروەختی منداڵبوون ژن وەك (نا) پاك تەماشا دەکرا. کە ئایین بەشێکی هەرەبەرفراوانی کلتووری پێکهێناوە، زەمینەسازکەر بوو بۆ ئەوەی کە لە نێو کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتیشدا ئەم تێڕوانینە بچەسپێ و کارابکرێت. ژن (بێ نوێژ)، دەزانین کە وشەی (بێ) نوێژ هەمان وشەی (نا)پاك دەگرێتەوە و هەتا ئەمڕۆش بەکاردەبرێت. ژنی بێنوێژ بۆی نییە لە شتە پیرۆزەکان نزیك ببێتەوە بۆ ئەوەی بێنوێژیان نەکات، واتە پیسیان نەکات. ئەم تێڕوانینە تەنانەت بایەخی جەستە لە لای ژن خۆیشی کەم دەکاتەوە و هەستی کەمی تێدا دروست دەکات. ئێمە بە چاویلکەی کۆمەڵناسی لەم دیاردەیە بڕوانین، سەرچاوەکەی لە ئابووریدا دەدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بەشێکی مرۆڤ ببێتە موڵکی بەشەکەی تری، پێویست بوو ئەو تێڕوانینە دروست بکرێت و کرا. کە جەستەی ژن کرا بە موڵکی پیاو، ئەو دەم ململانێی نێوان پیاوان خۆشیان و دیسانەوە لەسەر بەرژەوەندیە ئابوورییەکان وای کرد بۆ شکاندنەوەی نرخ و بایەخی یەکتر، زیان لە موڵکی یەکتری بدەن. ژنیش تەنها وەك موڵك، نەك وەك مرۆڤ ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرا و بۆ لێدانی یەکتر ژنیش کرا بە وەسیلە و لە شەڕەکانی بەرژەوەندی چینەکانی کۆمەڵگەدا بەکار برا. (شەرەف) لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا بەر جەستەی ژن کەوت و بنەماڵەکان بۆ لێدانی یەکتری و لەسەر بەرژەوەندی ئابووری تا دەهات لە بایەخی ئەم جەستەیان کەم دەکردەوە و دەیانشکاندەوە و تەنانەت لەناویان دەبرد. ژن و جەستەی قوربانی ململانێ ئابوورییەکانی نێوان چینەکانن، کە مێژووی بەرژەوەندی چینایەتی دروستی کرد. پێشکەوتنی فیکر و زانست و تەکنەلۆجیا لە بەشێکی جیهاندا مانا و تێڕوانین و هاوکێشە ئابوورییە کلاسیکییەکانیشی گۆڕی و بەوەش تەوقی شەرەف لە جەستەی ژن کرایەوە، بەڵام لە بەشێکی تری جیهاندا کە نە فیکر و نە زانست و نە تەکنەلۆجیا لە داهێنانی ئەوانە، تێڕوانینی نامۆسپەرستی پەرەی پێدرا و هەتا ئەمڕۆش هەر تێڕوانینی زاڵە و وەك چەکێکی کوشندە و کۆکوژ کاری پێدەکرێت.

زەنگ: ئەگەر داب و نەریت و ئایینەکان لەپاڵ بونیاتنانی شەرەفەوە بووبێتن وەکو چەکێك بۆ دەستی پیاو، خۆ مرۆڤ نە دەتوانێت بە بێ ئاین بژێت، نە دەتوانێت بەرەنگاری داب و نەریتەکان بکات، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا؟

مەهاباد: بۆ ئەوەی ژەنگی تێڕوانینە نائاساییەکان کاڵ بکەینەوە، پێویستمان بەوەیە بۆ ژیان یاسا و ڕێنومایی مرۆییمان هەبێت. ئێمە ئەگەر ڕێسا و ڕێنومایی وامان هەبێت و دادپەروەرانە بەهرە لە ماف و ئازادییەکانی خۆمان وەرگرین و ئەرکەکانی ژیان جێبەجێبکەین، پێویستمان بە گەڕانەوە نییە بۆ فەرمانی غەیب و نادیار. ئێمە ئەگەر توانیمان فیکر و زانست و تەکنەلۆجیا بەرهەم بهێنین، تێڕوانینێکی نوێ دێتە بەرهەم و خواستی سەردەم ئەو تێڕوانینە دەکاتە پێویستییەك کە ناتوانین دەستبەرداری ببین. با ئایین هەر هەبێت و بەشێکی کەلەپور بێت و ببێتە سەرچاوەیەکی لێکۆڵینەوە لە رابردووی مرۆڤایەتی و وێنەیەکی ڕوونی مێژوومان، بەڵام ناکرێ رابردوو داهاتوومان بەڕێوەببات ، بە تایبەتی کە ئەمرۆ زۆر لە دوێنێ جیاوازە و هیچ ڕوویەکی ئەمرۆ لە دوێنێی مێژوو ناچێت. مرۆڤ دەکەوێتە نێو قەیرانێکی گەورەوە ئەگەر بیەوێت کێشەی ئەمرۆ بە پێوەرەکانی ئەوسا چارەسەر بکات. پێوەری سەردەمییانە بدۆزینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگە، ئیدی ئەو پێوەرە کۆنانە خۆیان باویان نامێنێ و کاریان پێ ناکرێت. بە بۆچوونی من پێویستمان بەوە زیاترە کلیلی نوێ دروست بکەین بۆ کردنەوەی دەرگاکان، وەك لەوەی جەنگ بەرپا بکەین دژ بە کلیلە ژەنگاوییەکان. ئێمە زۆر بەهەڵە دەچین ئەگەر کاتی خۆمان بەوە بەفیڕۆ بدەین چۆن کلیلە ژەنگاوییەکان بشکێنین و ئەوە لەبیر بکەین کە هێشتا کلیلی نوێمان پێ نییە و دەرگای نوێشمان دروست نەکردووە.

زەنگ: لە دواهەمین لێکۆڵینەوەتدا (شەرەفنامە) دەڵێت: "هەتا جەستەی ژن دۆڵابێ بێت بۆ هەڵگرتن و پاراستنی شەرەفی نێرینەکان، با بیر لە ئازادبوونی نەکەینەوە" منیش دەڵێم: جگە لەوەی ژن لە مەیدانی فیکردایە بۆ جەنگ و بەرەنگاربوونەوەی ئەو داگیرکارییە پیاوسالارییە، بەڵام مەسەلەی ئازادکردنی جەستەی ژن وەکو دۆڵابێك پەیوەندی بە ئازادی ئابووری و سیاسەتەوە هەیە تاوەکو ئێستاش ئەو داگیرکارییە بەردەوامە. زیندووترین نموونەم" کێشەکەی دەربەندیخانە، کە دەسەڵاتدارانی شارەکە چۆن خێزانێکی نەدار قۆرخ دەکەن. تۆ چی دەڵێیت؟

مەهاباد: ئەوەی من و تۆ دەیڵێین تەواوکاری یەکن. کە لە بنچینەدا بەرژەوەندی و هاوکێشە ئابوورییەکان ئەم قەیرانەیان خوڵقاندبێت، پێویستە لە هەمان سەرچاوەوە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بگەڕێین. بەڵام ئەوەشمان نابێت لە بیر بچێتەوە کە، ڕاستە ئابووری سەرچاوەی تەنگژە و قەیرانەکەیە و سیستەمێکی باوکسالاری ڕیشەئەستووری هێنایە سەرپێ، بەڵام ئەم سیستەمە تەنها لە نێو ئابووری دا نەمایە و بە حوکمی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ هەموو دیاردە و بوارەکانی تری وەکو سیاسەت، فیکر و فەلسەفە، و کلتوور، لە نێو هەموویاندا پێگەی باوکسالاری قایم کرد.

ئازادی نە پێناسەیەکی جێگیر، نە قاڵبێکی دیاریکراوی هەیە. زۆر جار لە باسکردنی ئازادی و ئازادی جەستەدا تێگەیشتنی هەڵە و شیکردنەوەی هەڵەدەکرێ و کەلکئاوەروو لە دەستەواژەکان دەکرێ. بە تایبەت لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا مرۆڤ کاتێ باسی دەستەواژەی ئازادی دەکات بواری لێکحاڵینەبوون و شیکردنەوەی نادروست زۆرترە.

بە باوەری من مرۆڤ بە ژن و بە پیاوەوە فیکر و هۆش و جەستەی هیی خۆیەتی، لە هەمان کاتدا باوەرم وایە پێویستە فیکر و هۆش و جەستە بۆ هیچ مەبەستێکی نامرۆڤانە و نادروست بەکار نەبرێن. بەکارهێنانی فیکر و هۆش و جەستە بۆ مەبەستێکی سیاسی بێت یان ئابووری، نرخی مرۆڤ و جەستەی دادەشکێنێ و دەیکات بە کوتاڵ. بۆیە پێویستمان بەوەیە پێناسەیەکی نوێ و دروستی جەستە و ئازادی و ژن و پیاو بکەینەوە.

ئەگەر جەستەی ئافرەت وەك شەرەفی پیاو پێناسەکرا، بایەخی سروشتی خۆی دەدۆڕێنێ، یان جەستەی ژن بۆ کاری سیاسی و سیخوری بەکارهێنرا بایەخی خۆی ددۆڕێنێ، یان بۆ مەبەستی نارەوایانەدا بەکار دەبرێت. بە هەمان شێوە هۆش و فیکری ژن بەهۆی سنوردارکردنی جەستەیەوە توانراوە کۆنترۆڵ بکرێت و بە کۆیلە بکرێت. تۆ نموونەی کێشەکەی دەربەندیخانت هێنایەوە بیرمان، کە چۆن بەرپرسانی ئەو شارە کەلکئاوەژوویان لە جەستەی کچانێکی بێ پشتیوان و بێکەس وەردەگرت و دەیانویست لەبەرامبەر هەندێ پێویستی سادەی ڕۆژانەیان ئەو نرخەیان لێ وەربگرن کە لە نێو خودی ئەو کۆمەڵگایەدا دانی ئەو نرخە بە مانای تەواوبوونی بایەخی کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤانەیە. منیش دیاردەی نوێی تۆڕی تیرۆریستی شێخ زانات بۆ باس دەکەم کە چۆن بە فریودان و سێکسبازی لەگەڵ کچان و تەنانەت کورانیشدا هەموویانی کردبووە کۆیلە و نارەواترین کاری پێ ئەنجام دەدان کە بریتی بوو لە لەتوپەتکردنی بە کوژەکان و کاری سیخوڕی بە کچەکان. بزانە چۆن ئەو جەستەیە بەهۆی ئەو شەرەفەی کە تێی ئاخنراوە کراوە بە ئامرازی سەرکوتکردن و کۆیلەکردنی مرۆڤەکان. ئەو کوڕانە و ئەو کچانە ناچار و ئامادەبوون هەموو کارێکی نارەوا ئەنجام بدەن، بە مەرجێ گرتەیەکی سێکسی لەو فیلمانەی کە بە کامیرای شاراوە لە ماڵی سەرۆکی باندەکەدا وەك چەکی هەڕەشە بەکار دەهێنرا، نەکەونە بەردەست و چاوی خەڵك و شەرەفیان بشکێ. بزانە چۆن مرۆڤ نرخی ئەو شەرەفە پارەپەیداکردن بەکارهێنرا یاسنەوە بایەخی خۆی دەدۆڕێنێ. مەخابن جەستەی ژن چونکە لەمێژە وەك شتومەك و کوتاڵ مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بۆیە زیاتر لەو پرۆژە دەدات کە لە جەستەیەتی. لە کاتێکدا دەبوایە لە نێو کلتووردا جاسوسیکردن، دزیکردن، مرۆڤکوژی، ناپاکی بەرامبەر بە نیشتیمان شەرەفی بشکاندایە. بۆیە من لە کتێبی شەرەفنامەدا ویستوومە و بەردەوامیش دەمەوێ پێناسەیەکی نوێ بدەمە جەستە و پێناسەیەکی دروست بدەمە شەرەف.

زەنگ: هەندێك خەڵکی مەهاباد وا سەیر دەکەن، کە چۆن مارکس دەیویست پرۆلیتاریا بکاتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر، ئاوهاش مەهاباد دەیەوێت ژن بکاتە دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆر بەسەر پیاوەوە؟

مەهاباد: مەهاباد دژی دیکتاتۆریەتە بە هی پرۆلیتاریاشەوە. ئەوەی مەهاباد وا پێناسە بکات کە تۆ باسی دەکەی مەبەستی هەیە و ئاسانە بزانین کێیە و مەبەستی چییە و بۆ دەیەوێ وێنەیەکی نادروست لە مەهاباد دروست بکات. من دەخوازم بە خوێنەرانی خۆم بڵێم، پێویستە ئێوە خۆتان و لە ئەنجامی خوێندنەوەی قوڵ و بیرکردنەوەی لۆژیکی خۆتان مەهاباد بناسن. من بەهۆی نووسینەکانمەوە هەمیشە لەگەڵ خەڵکدا لە گفتوگۆدا بووم و بەهۆی ئەوەشەوە کە لە هەستیارترین و دژوارترین کێشەی مرۆڤایەتی سەرگەرمی خەباتم، بۆیە شەپۆلی جیاجیاش لە دژم دروست دەبێت و ئەمەش ئاساییە.

خەباتی من بۆ یەکسانییە، بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانە، بۆ ڕزگارکردنی ژنە لەو قاڵبانەی تێی ئاخنراوە. بە هەمان ئەندازە خەباتی من بۆ ڕزگارکردنی پیاوە. ئەو پیاوەی کە ژن دەچەوسێنێتەوە خۆیشی کۆیلەیە و من پێم خۆشە ڕزگاری بکەم لەو کۆیلایەتییە. زۆردار و زۆرلێکراو، چەوساوە و چەوسێنەر هەردووکیان نائاسایی و کۆیلەن و پێویستە ڕزگار بکرێن. کە ژن بەو مافانەی خۆی بگات کە زەوتکراوە لێی مانای ئەوەیە بارودۆخی ژیانی ئاسایی دەبێتەوە و دەبێتە مرۆڤێکی سروشتی و ئاسایی. بە هەمان شێوە پیاویش لەم هاوکێشەیەدا ڕزگار دەبێت و، ئیدی وەك زۆردار و چەوسێنەر تەماشا ناکرێت و بە پلەی مرۆڤبوونێکی سروشتی خۆی دەگات و شاد دەبێت.

زەنگ: زانا کۆمەڵناسەکان بڕوایان وایە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت پێکهاتەی سروشتی مرۆڤ یاخود عەقڵیەت بگۆڕێت، مەبەستمە بڵێم: تاراوگە تا چەندە توانیویەتی پیاو تێبگەیەنێت، کە چەمکی شەرەف پەیوەندی نییە بە جەستەی ژنەوە؟

مەهاباد: تاراوگە ناتوانێ عەقڵی پیاو و عەقڵی ژن بگۆڕێت، ئەگەر ژن و پیاو خۆیان پرۆژەیان بۆ تێگەیشتن لە دۆخەکان و خوێندنەوەی دۆخەکان نەبێتو هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی دۆخە نائاسایی و دژوارەکان نەبنەوە. هەندەران و وڵاتانی ئەوروپا تەنها دەتوانن یارمەتیدەری مرۆڤ بن بۆ گۆڕانکاری ، چونکە ئاسانکاریت بۆ دەکەن بۆ تێگەیشتن و بەراوردکردن و هەڵبژاردنی تێڕوانین.

زەنگ: زۆرجار و لەزۆر شوێندا باس لەوە دەکەیت، کە پیاو هەموو کەناڵە ژیانییەکانی پیاواندووە، با بزانین ئەمجارەش دەستووری پیاواندووە؟

مەهاباد: بە گوزارەیەکی روون و رەوان مافەکانی ئافرەتان لە دەستووردا زامن نەبووە. مەخابن ئەوەی لە دوارەشنووسی دەستووردا هاتە بەردەستی ئێمە ئەوە روون دەکاتەوە کە لە نێوان ململانێی هێزە پێشکەوتنخواز و هێزە کۆنپارێزەکاندا، هێزی کۆنسێرچاتیف بەشی شێری بەرکەوتووە. ئێمە وەك ژنانی کوردستانی دەشێ بەوە گەشبین بین کە دەستووری کوردستانمان دەبێت و لەوێدا مافەکانی خۆمان زامن دەکەین و خۆشبەختانە لایەنی وا لە ئارادا نییە بکەوینە دژایەتییەکی سەرسەختانەوە لەگەڵیدا. بەڵام ئەو دەستوورە بۆ ژنانی عێراقی ئەو دەستوورە دەبێتە موسیبەت و دەبێتە تەوق بۆیان. چونکە خەباتی ژن سنووری نییە و رەگ و ریشەی کێشەی ژن لە هەموو دنیادا یەك کێشەیە، ئێمە پێویستە هاوکاری ژنانی وڵاتانی تریش بین، بۆ ئەم مەبەستە ژنانی کوردستان هەقە بۆ دابینکردنی مافی ژنانی عێراقیش بێنەگۆ.

زەنگ: ئێمە سوپاست دەکەین، ماندوومان کردی" دوا وتەت بۆ رۆژنامەکەمان و گەرمیانییەکان چییە؟

مەهاباد: سوپاس بۆ تۆی ئازیز، بۆ رۆژنامە هێژاکەی گەرمیان و، گەرمیانییەکان هەموویان لە نێو دڵمدان و خۆشەویستییەکی بێپایانم بۆیان هەیە. دەڤەری گەرمیان چاوگی یادگارییە شیرین و تاڵەکانی منداڵی و لاوێتیمە بۆیە تایبەتمەندییەکی زۆری لە لام هەیە و ئاوێتەی بەهرە و رۆحم بووە و خۆشم دەوێ.